# هەڵەبجە و قەڵادزێ
# دوو قوربانی دەستی داگیرکەرێک



رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ شاری قەڵادزێ کەوتە بەر دڕندانەترین هێرشی فڕۆکەکانی بەعس لە کاتێکدا ئەو شارە پێشوازی لە میوانانی شارەکانی تری کوردستان دەکرد و لە ئامێزیدا (زانکۆی سلێمانی) بەردەوامی بە ڕەوتی زانستییانەی خۆی دەدا و زۆرێک لە فەرمانگە گرنگەکانی ناوچەکانی کوردستان لەو سنوورەدا درێژەیان بە کارکردنی خۆیاندا.

دوو رۆژ پاش ئەو کارەساتە و لە ١٩٧٤/٤/٢٦دا بە هەمان شێوە هەڵەبجەش کەوتە بەر ئەو پەلامارە دڕندانەیە و لە ئاکامدا چەندین شەهید و بریندارى لێکەوتەوە.



ئەم دوو ناوچەیە قەڵایەکی بەهێزی شۆڕش بوون و زۆرێک لە خەڵکی تەواوی ناوچەکانی کوردستان روویان لەم ناوچانە کردبوو. ئەمە وێڕای کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگاکان و چەندین فەرمانگەی گرنگ لەو شارانەدا.

ئەمڕۆ ٣١ ساڵ پاش ئەو رووداوە کە دەکرێ بکرێتە پەندێک لە دەلاقەی برینەکانەوە تەماشایەکی رابردوو بکەین و لە ئێستای ئازادیدا ئەزموونی ئەو سەردەمەی حوکمڕانی کورد و سەرکردایەتی سیاسی کورد لەو ناوچانەدا بکەینە هەوێنی حوکمڕانی ئەمڕۆمان ئەوێ رۆژێ شارێک سەراپا چۆڵ بوو لە پاش کۆستێکی گەورەوە کەچی وەک ئەوانەی لە رووداوەکەدا بوون دەگێڕنەوە و دەڵێن: کە هاتینەوە جگە لە تەپ و تۆز هیچ کەس نەهاتبووەماڵەکانمان.



ئێمە ئەمڕۆ کە بە پەیژەی ئەو ئازارانەدا سەرکەوتین، با ئەو رۆژانە و ئەو مرۆڤانە و ئەو شارانەمان لەبیر بێت کە ئەمڕۆیان دروست کرد.

لە گەشتێکی مەیدانیدا بۆ هەڵەبجەی شەهید زۆرێک خەڵک سکاڵای لە ژیانی خۆی دەکرد، زۆرێک چاویان لە پڕشنگی داهاتوو بوو، زۆرێک لە کەلاوەکانی ١٩٧٤ بەدەردی کەلاوەکانی ١٩٨٨ هەر ماون.

مەرگ لە گشت لایەکەوە خۆی بەو شارەدا دەکات کەچی هێزی ژیان چۆک دانادات

راپۆرت/ نامق هەورامی



## داخوازی بنەماڵەی شەهیدانی ١٩٧٤/٤/٢٤

**هەموو ئەو بەڕێزانەی کە دواندمانن کۆی داواکاریەکانیان لەم خاڵانەدا یەکیان دەگرتەوە.**

**١- شەهیدانی ١٩٧٤/٤/٢٦ تا ئێستا حیسابی شەهیدی هاووڵاتییان بۆ کراوە لە کاتێکدا ئەوانە بەدەستی ڕژێم شەهید کراون بۆیە داوا دەکەن بکرێنە شەهیدی سەنگەر.**

**٢- دابینکردنی خانوو زەوی بۆ بنەماڵەکانیان وەک شەهیدانی تری کوردستان.**

**٣- تەرخانکردنی بەشێک لە مۆنیمێنتی شەهیدان کە دروست دەکرێت تایبەت بێت بە شەهیدانی هەڵەبجە بە گشتی و شەهیدانی ١٩٧٤/٤/٢٦ و ١٩٨٨/٣/١٦.**

**٤- کردنەوەی زانکۆیەک ولە هەڵەبجەدا کە تەواوی کۆلیژەکان لەخۆ بگرێت.**

**٥- کردنەوەی ناوەندێکی ڕۆشنبیری بەرفراوان کە رادیۆ و تەلەڤزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامە و کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕۆشنبیری لەخۆ بگرێت.**

**٦- دروستکردنی دیوار بەندێک کە پانۆرامای ڕوداوی ١٩٧٤/٤/٢٦ لەخۆ بگرێت لە جێگایەکی شیاودا دابنرێت.**

**٧- حکوومەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبووردن لە تەواوی خەڵکی کوردستان و هەڵەبجە بەتایبەتی بکات لەسەر ئەو نەهامەتیەی بەسەر ئەو شارەدا هێناویەتی و قەرەبووی مادی و مەعنەوی ئەو خەڵکە بکاتەوە.**

**سەرەتا بەڕێز عەبدولڕەحمان دەروێش حەمە شەریف لەم بارەیەوە گوتی:** لە ١٩٧٤/٤/٢٤دا کاتێک شاری قەڵادزێ بۆردومان کرا



لەو کاتەدا بروسکە بۆ لیژنەی ناوچەی هەڵەبجەی پارتی دیموکراتی کوردستان هات کە ڕژێم بە نیازە شاری هەڵەبجەش بۆردومان بکات، چونکە ئەو دوو ناوچەیە بووبوونە دوو پەناگای ئارام بۆ ئەوانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا ئامادەنەبوون ژیانی ژێردەستی قبوڵ بکەن و هاتبوونە ناوچە رزگارکراوەکان.

هەر لەگەڵ بروسکەکەی سەرکردایەتیدا لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە چەند لیژنەیەکی دروست کرد لە بەرگری میللی بۆ بەهاناوەچوونی خەڵکی ئەگەر کارەساتێک ڕوبدات و لە هەمان کاتدا بنکەیەکی تەندروستی لە ژێر زەمینێکدا نزیک مزگەوتی (دار الاحسان) ئامادەکرا بۆ پێشوازی بریندارەکان ئەگەر ڕووداوێک ڕوبدات هەروەها لیژنەی ناوچە ئاگاداری خەڵکی شار و ئەو میوانانەی کردەوە کە هاتبوونە شارەکە بۆ ئەوەی بە ڕۆژدا شار، چۆڵ بکەن و شەوانە بگەڕێنەوە، خەڵکێکی زۆر چوونە دەرەوەی شار هەندێک مانەوە، خۆ ئەگەر بەپێی ڕێنماییەکان شار چۆڵ کرابا بێگومان زیانەکان کەمتر دەبوون.

ئەوەبوو ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٦ کاتژمێر نزیکی چواری پاشنیوەڕۆ بوو فڕۆکەیەکی سیخوڕی هات بەسەر شاردا سوڕایەوە و دواتر گەڕایەوە خەڵکی هەندێک فریای خۆحەشاردان کەوتن و لیژنەکانیش کەوتنە ئامادەباشی و کاتژمێر ٤,٢٠ دەقیقە چەند فڕۆکەیەکی جۆری مێک و سیخۆی هاتن و بە یاساغترین چەکی ئەو سەردەمە شارەکەیان ناپاڵم باران کرد و لە ئاکامدا ٥٣ شەهید و دەیان بریندار هەبوون ئەمە وێڕای وێرانبوونی دەیان خانوو دوکان، شەهیدەکان ٥٠ دانەیان خەڵکی هەڵەبجە بوون و سی شەهیدیان کە ناوەکانیان نازانرێت لەو ئاوارانە بوون هاتبوونە هەڵەبجە لە شارەکانی (خانەقین و کەلار و کفری و دەربەندیخان و کەرکووک و دوزخورماتوو سلێمانی). یەکێکی لە قوربانییەکان (دەروێش حەمە شەریفی نەوت فرۆش)ە کە باوکمە لەبەردەم دوکانی شێخ عەلیدا لە خوار قائمقامیەتەوە لەو کاتەدا سەرقاڵی پەیداکردنی بژێوی بوو شەهید بوو.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئەوکات هەندێک فەرمانگەی حکوومی و چەند لقێکی زانکۆی سلێمانی و ئامادەیی بازرگانی سلێمانی لێرە بوون ئەمە سەرباری فەرمانگەکانی ناوچەی کەرکووک و کەلار و ناوچەکانی تر، ئەو خەڵکە لەلایەن دانیشتوانی هەڵەبجەوە پێشوازیان لێکراو هەر ماڵێک چەند ماڵێکی لەو ئاوارانە گرتبوویە خۆی.



**بەڕێز حەسەن قادر قەساب خاوەن حەوت شەهید لە خێزانەکەیدا گوتی:**

کە بۆردوومان کرا من لە بازاڕ بووم کە گەڕامەوە ماڵەوە بینیم ناپاڵمێک لە ماڵەکەمانی دابوو تەواوی ئەندامانی خێزانەکەم تیاچووبوون و شەهید بووبوون کە ژمارەیان حەوت کەسە و لە نێوانیاندا ئەم ناوانە منداڵ بوون.

١- نەوزاد حەسەن قادر ٣ ساڵ

٢- شێرزاد حەسەن قادر ٢ ساڵ

٣- حەکیم قادر مەحمود منداڵ

٤- بەختیار قادر مەحمود منداڵ

٥- کاڵێ قادر مەحمود منداڵ

هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان بووبوون بەژێر داروبەردی خانووەکەوە و خەڵک و ئەو لیژنانەی دانرابوون بە هانامانەوە هاتن و لاشەکانیان دەرکردوو بردنیان بۆ گۆڕستان. ئیتر دوای ئەوە ئاوارە بووین و بڕواتان هەبێت لەوەتی هەڵەبجە دروست بووە تا ئێستا ئیسراحەتی نەکردووە.

**حسەین محەمەد ئەمین ناسراو بە (حاجی حسە شا) بەم جۆرە بیرەوەریەکانی خۆی گێڕایەوە:**- من و بەرەحمەت بێت حاجی ڕەشید قەوقە و پێکەوە لە دوکانەکەی من دانیشتبووین کاتێکم زانی دنیا بویە ئاگر و دوکەڵ و هات و هاوار لە گەڕەکەکانی پیرمحەمەد و سەراو کانی



قوڵکە و زیاتر لە ٥٠ کەس شەهید بوون لە ژن و مناڵ و پیر و لاو.

بەپەلە گەڕامەوە بۆماڵەوە، بینیم ماڵەکەمان بەر بۆردومانەکە کەوتووە و خێزانەکەم بریندار بوو، گەیاندمانە نەخۆشخانە و دواتر ئاوارەبووین و گەڕاینەوە، دەمەوێت لێرەدا هەندێک شتتان بۆ باس بکەم لە سەر شۆڕشی کورد و بێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و ڕەوشتی خەڵکی ئەم شارە و داواکارم بۆم بڵاوبکەنەوە:

کاتێک ماڵەکەمانم جێهێشت بڕێک پارە و ئاڵتونێکی زۆرمان لە ماڵەوە هەبوو بەهۆی برینداربوونی خێزانەکەمەوە لە بیرم کرد تەنانەت خوا شاهیدە دەرگاکانیشم دانەخست، پاش پانزە ڕۆژ گەڕامەوە کاتێک چەگمەجەکەم کردەوە پارە و ئاڵتونەکە لەجێی خۆیدا بوو، لەو ماوەیەدا ئەم شارەی تۆ دەیبینی چۆڵ کرابوو تەنیا پێشمەرگەی لێبوو کاتێک خەڵک گەڕایەوە تەنیا کەوچکە چایەک لە ماڵی کەسدا نەبرابوو و چونکە لەناو شۆڕشدا زەبت و ڕەبت هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شارە مەڵبەندی ڕەوشت بەرزی بوو.

بڕواتان هەبێ لەلای دوکانەکەی (حەمەی سافە)دا کابرایەک شوتی دەفرۆشت هاوینان، شەوانە بەجێی دەهێشتن ئەوسا شوتی بە کیلۆ نەبوو خەڵکی شەوانە دەچوو شوتی دەبردەوە بۆ ماڵەوە و پارەکەی بۆ کابرا دادەنا و کەسیشی لێنەبوو، ئەمە عەدالەتی بارزانی نەمر و ئەخلاقی خەڵکی ئەم شارە بوو، لە سەردەمی محەمەدی مەهدیشدا عەدالەتی وا نەبووە.

دەمەوێ بڵێم کە من خاوەنی چوار شەهیدی ئەم شارەم، کە کوڕێکم دکتۆر بوو، کچێکم لە پێنجی زانستی بوو، کچێکی تریشم لە چواری ئامادەیی بوو، یەکێکیشیان لە پۆلی یەکی سەرەتایی بوو، مامۆستا ئاراسی کوڕیشم لەم دواییانەدات بەدەست pkk شەهید بوو، ئێستا تەنیا یەک کوڕم ماوە.

داوا دەکەم لە خوا کوڕەکان و نەوەکانی مەلا مستەفا سەرکەوتوو بن، پارتی سەرکەوتوو بێت ئەگەر ئەم کوڕەی تریشم ببێتە قوربانی ئەو ڕێبازە پێم سەرفرازییە و داواکارم بەڕێز کاک مەسعود بارزانی قبوڵی بکات ببێتە سەرۆکی کوردستان ئێمە تەنیا پەیوەندیمان بە کوردستانەوە هەیە و ئەگەر ئەو داواکاری بنەماڵەی شەهیدان قبوڵ دەکات تکای لێدەکەین ئەو پۆستە وەربگرێ چونکە ئەوان دەتوانن دۆخی کورد بەرەوپێش بەرن.

## ناوی شەهیدانی ١٩٧٤/٤/٢٦- هەڵەبجە

**١- ئازاد ئەحمەد کەریم کوردستانی - ٢٣ ساڵ**
**٢- ئازاد عەلی جولەکە - ١٦ ساڵ**
**٣- ئاری عەلی ئیسماعیل - ٦ ساڵ**
**٤- ئایار عەلی ئیسماعیل -٧ ساڵ**
**٥- ئەحمەد شەریف مەحمود**
**٦- ئیبراهیم ئەمین جەوهەر -٢٠ ساڵ**
**٧- ئەمین جەوهەر -٦٠ ساڵ**
**٨- ئەحمەد غەفور ساڵح**
**٩- بێستون هاشم کازم -١٥ ساڵ**
**١٠- بەختیار قادر مەحمود -٣ ساڵ**
**١١- بەناز خالید ڕەشید -٦ ساڵ**
**١٢- بەهار ئەحمەد عەبدوڵڵا محەمەد**
**١٣- حەکیم قادر مەحمود -٦ ساڵ**
**١٤- حەمیدە محمد مەحمود**
**١٥- حکمەت ئەحمەد بارام -٢٩ ساڵ**
**١٦- حەمە ڕەشید عەبدولقادر**
**١٧- حەسەن حەمە ڕەشید**
**١٨- حەمە ڕەشید مەحمود والی**
**١٩- کاڵێ قادر مەحمود -١١ ساڵ**
**٢٠- کافیە مەحمود محەمەد (خێزانی حاجی فەتحوڵڵا) -٥٠ ساڵ**
**٢١- محەمەد شەریف عەبدولخالق -٦٤ ساڵ**
**٢٢- مریەم مەحمود قادر -١٠ ساڵ**
**٢٣- مەحمود عەبدولڕەحمان ئەفەندی - ٥٠ ساڵ**
**٢٤- مستەفا سەید قادر**
**٢٥- محەمەد حەمە ڕەشید ڕەحیم**
**٢٦- محەمەد قادر محەمەد فەتاح**
**٢٧- مەلا مەحمود (دوکاندار) - ٥٥ ساڵ**
**٢٨- نەوزاد حەسەن قادر**
**٢٩- ناسکە قادر مەحمود -٦ ساڵ**
**٣٠- عەبدوللەتیف حەمە ساڵح حەمە ڕەزا**
**٣١- عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین مەعروف (عەبەی مەلا محەمەد)-٣٤ ساڵ**
**٣٢- عەبدولڕەحمان حاجی حەمە ساڵح**
**٣٣- عەبدوڵڵا عەبدولکەریم -٤٥ ساڵ**
**٣٤- عەزیز محەمەد (عەزەی پەزە) -٤٠ ساڵ**
**٣٥- عەبدوڵڵا حەمەفەرەج**
**٣٦- فوئاد محەمەد قادر**
**٣٧- قادر ناسراوە بە سەید قادری هانە سوورە-٥٠ ساڵ**
**٣٨- شێرزاد حەسەن قادر-٢ ساڵ**
**٣٩- شیرین خالید ڕەشید ساڵح**
**٤٠- شێرکۆ عومەر مەخدور**
**٤١- شیرین حەمە عەلی ڕەشید-مەخدور**
**٤٢ بەناز حەمە عەلی ڕەشید**
**٤٣- سنەوبەر ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**٤٤-فاطمە فتاح محەمەد بارام**
**٤٥- مەحمود عەبدولڕەحمان قادر کەریم**
**٤٦- بورهان حسێن ئەحمەد-١٠ساڵ**
**٤٧- حبسە ئەحمەد فەتاح ڕەحمان**
**٤٨- قادر نادر محەمەد مستەفا**
**٤٩- ئەحمەد حسێن قادر**
**٥٠- عەلی محەمەد کاکل**
**٥١- نەناسراو-چونکە خەڵکی هەڵەبجە نەبوون لەو ئاوارانە بوون هاتوونە هەڵەبجە.**